


# بنەماکانی دامەزرانی مۆدێلێکی ئابووری تایبەت بەخۆمان

**پێگەی هەرێمی کوردستان لەدارِشتنەوەی جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیارو لەبەرچاوە، بەتایبەتی دوای دەرهێنانی پێترۆڵ و فراوانبوونی پێوەندییە ئابوورییەکان**

چۆن کوردستان لەناوچەیەکی ناسەقامگیری وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە پێگەیەك بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، هەنگاو بەرەو کەڵچەری دیموکراتییەت و پیادەکردنی ئابووری بازار دەنێت؟ ئەمە ئەو پرسیارە گرنگەیە کەپێش چەند ساڵێك لەمەوبەر بەدیهاتنی کارێکی ئاستەم بوو، ئێستاکە پێگەی هەرێمی کوردستان لەدارِشتنەوەی جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵاتی ناوەراست دیارو لەبەرچاوە، بەتایبەتی دوای دەرهێنانی پێترۆڵ و فراوانبوونی پێوەندییە ئابوورییەکان و زیادبوونی بری سەرمایەو وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی، بۆیە لەم قۆناغەدا بوونی سیستەم و ستراتیژییەتێك بۆ ئابووری هەرێمەکە پێویستە، ناکرێت چیتر چاوەڕێی ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکەی حکومەتی ناوەند بین تا لەپاشکەوتەیی ناوەندێکی ناسەقامگیرو نائارام دەربازمان بێت، دەبێت ببینە خاوەن مودێلێکی ئابووری تایبەت بەخۆمان یان توانای جێبەجێکردنی بەرنامەو پرۆگرامە ئابوورییەکانی رێکخراوەکانی (بانك و سندووقی نەختی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی )مان هەبێت، ئێمە لەبەرنامەو پلانەکانماندا لاسایی وڵاتانی تورکیاو سوریاو ئێران و عێراقمان نەکردۆتەوە، وەکو وڵاتانی کەنداویش خاوەنی پێترۆڵێکی زۆر نین تاوەکو رووبکەینە پیشەسازی پێترۆڵی و مۆدێلی کەنداو، لەلایەکی ترەوە ناتوانرێت لاسایی سووید بکەینەوەو رووبکەینە سۆشیال و وەکو بەریتانیاش باجەکان بەرزبکەینەوە، ناشمانەوێت لەسەر شێوازی دوبەی کوردستان ببێتە بازارێکی گەورە بەشێوەیەك دوبەی سیمای عەرەبی پێوە نەماوە. ئەم وڵاتانە هەمووی مۆدێل و بەرنامەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری و پێشخستنی کەرتەکانیان کەخۆی لەخۆیدا جێبەجێکردنی بەرنامەو راسپاردەکانی گەورە رێکخراوە ئابووری و بازرگانییەکانی جیهانیان پیادە دەکرد، بەڵام لەشێوازی بەدیهاتنی ئەو بەرنامە ئابوورییانە جیاوازییان هەبوو، لە ئاوەدانکردنەوەی ئەندەنووسیا نەتوانرا لاسایی مالیزیاو رۆژئاوا بکرێتەوە، بۆیە ئابووریناسان پێیان وایە گەر بێت و بمانەوێت ریفۆرمی ئابووری ئەنجام بدەین، پێویستە تێڕوانین و بەرنامەی تایبەت بەخۆمان هەبێت بەسوود وەرگرتن لەبەرنامەو ئەزموونەکانی سەرجەم وڵاتان و هەڵسەنگاندنیان تاوەکو لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی ئابووری هەرێمدا بیگونجێنین، هەموو سایتەکانی ئەنتەرنێت بگەڕێین و پەرتووکی کتێبخانەکانی جیهان بخوێنینەوە، کتێبێك یا ماڵپەرێکی ئەلەکترۆنی نادۆزینەوە پێمان بڵێت لەسەر چ شێوازو بەرنامەیەك ئابووری کوردستان و پەرەپێدانی هەرێمەکە بنیات بنێینەوە.

لەم روانگەیەوە پێویستە پرۆگرامێکی زانستی ئەوتۆ دابرِێژرێت چارەسەری کێشەو گرفتە ئابوورییەکانی وەکو گەندەڵی و بێکاریی و هەژاری و لاوازی ئاستی خزمەتگوزارییەکان هەڵاوسان و بێبەرهەمی بکات، پرۆگرامێك تێیدا خاوەنی سیستەمێکی پێشکەوتوو بێت و هاووڵاتیبوون و دامەزراوەکان بنیات بنێتەوە، ئەمەی ئێستا لەهەرێمی کوردستان دەبینرێت ئابووری بازار نییە، دەکرێت هەنگاوی سەرەکی بێت پێویستی بەهاوکاری و یارمەتی هاووڵاتیان و حکومەتیش هەیە، بەبێ حکومەت و بوونی سەرکردەیەکی لێهاتوو ناکرێت کەڵچەری دیموکراتی و ئابووری بازار دروست بکەین، لەسەرجەم ئەزموون و مۆدێلە پێشکەوتووەکانی دنیا سەرکردە بوونی هەبووەو ئابووری گەیاندۆتە دۆخێکی پێشکەوتووتر، ئەمڕۆ لە قۆناغی ئینتقالیداین سیستەمی حزبایەتی باش نییە و دادپەروەری بەهێزمان نییە، لەم ناوچەیەدا تەنیا وڵاتێك کە وەبەرهێنانی راستەقینەی تێدایە وڵاتی ئیماراتە، دوبەی تەنیا ناوچەیەکی ئازادە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کە توانیوێتی

> **پڵنگەکانی ئاسیا خاوەنی مۆدیلێکی ئابووری تایبەت بەخۆیانن یان بەرنامەو سیاسەتی رێکخراوە ئابوورییەکانی جیهان جێبەجێ دەکەن؟**




بەتەواوەتی لەکلاسیکییەتی ئابووری دەربازی بێت.

ئەمڕۆ خەسڵەتێکی باشی هەرێمەکە لەسەقامگیری سیاسی و ئارامیدایە، بەڵام لەداهاتوودا ئەم خەسڵەتە بەس نییە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و سەرکەوتن لەململانێ و کێبرکێی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، بەڵکو چارەسەرکردنی کێشەکانی گەندەڵی و لاوازی دادپەروەری و نەبوونی چینی ناوەراست و نەبوونی پلانی ئابووری و چەندین بوارو تەوەری تر زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی گەیشتن بەپرۆسەی ئابووری بازاڕ. هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیاکانی وڵاتانی تورکیاو ئەوروپاو عەرەبی و ئێرانی لەو واقیعەوە هاتووە کە دەسەڵاتی سیاسی ژینگەیەکی ئارامی خوڵقاندووە هەروەکو چۆن بیزنسکارو وەبەرهێنەرانی بیانی بەهەرێمی کوردستان دەڵێن :(( بەشە ئارامەکەی تری عێراق))، لەم بەشەدا سەرۆکێك بوونی هەیە کە وڵاتانی وەکو تورکیا و ئەڵمانیاو فەرەنسا پاڵپشتی دەکەن. بیزنسکارو وەبەرهێنەکانی ئەو وڵاتانە متمانەیان بەسەرۆکی کوردستان هەیە، بوونی کونسوڵخانەش نیشانەیەکە بۆ میسداقییەتی هەرێمەکەو زەمانەتێکە بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەی ئەو وڵاتانە، لەگەڵ ئەوەی کە سەرمایە ترسنۆکە بەڵام متمانەیان بەهەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەیان هەیە وەبەرهێنانی بیانی روویان لە هەرێم کردووە، ئەوەتا لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا ٢ ملیار دۆلاری تەخانکردووە بۆ سەرمایەی وەبەرهێنان لەکوردستاندا کەچی زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار وەکو وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت هەڵدەسوڕێت، بوونی ١١١٨ کۆمپانیای بیانی و بەرزبوونەوەی ژمارەی کۆمپانیاکان بۆ زیاتر لە ١٠ هەزار کۆمپانیا هەمووی بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ کە وەبەرهێنی بیانی متمانەی بەهەرێمی کوردستان هەیە، وەبەرهێنی ئەمەریکایی و ئەوروپایی تا ئێستا بڕواو متمانەی بە ژینگەی وەبەرهێنان لە میسر نییە، تورکیا ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیەو تاکو ئێستا ئابوورییەکەی ئازاد نییەو کەموکورتی تێدایە، کاتێك حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت هەڕەشەی دەکردوو رایدەگەیاند:( ئەوەی گرێبەستی پێترۆل و غازی سروشتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان مۆر بکات دەیخەمە لیستی رەشەوە ..) کەچی وەبەرهێنەکان بڕواو متمانەیان بەهەرێمی کوردستان لەبەغدا زیاتر بوو، ئەم ئابوورییە پێویستی بەسەرۆکێکی بەهێزی وا هەیە کەجێی متمانەو باوەڕی زۆرینە بێت، سەرۆکی هەرێمیش توانیوێتی ئەم رۆڵە بگێڕێت، کاتێك سەرۆك دەجووڵێت متمانە بۆ هەرێمەکەو ئابوورییەکەی دەگەڕێتەوە، بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەبارەت بەپێشوازیکردنی سەرۆکی هەرێم لەدیمانەیەکی گوڵاندا بەراشکاوانە دەڵێت:(پێشوازی لەسەرۆکێك دەکەین گەل هەڵیبژاردووە ..)، گەورەیی سەرۆکی هەرێم لەوەدایە نایەوێت ڕێگا لەئازادییەکان بگرێت، سەرکردە چەند گەورە بێت ئەوەندە زیاتر بەرگەی رەخنە دەگرێت، هیچ پارتێکی سیاسی لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بەڕێژەی لە ٣٠٪ی زیاتری دەنگەکانی نەهێنا سەرۆك لە٧٠٪ی دەنگەکانی هێنا، رابەری بزووتنەوەو سەرۆکی حیزب هەبوون لەترسی شکستهێنان خۆیان هەڵنەبژاردوو پیاوی تریان بۆ خۆیان دەکرِی تا خۆی هەڵبژێرێت. یەکێك لەخەسڵەتەکانی سەرۆك ئەوەیە ئازادییەکان رێك دەخات بەڵام دەسکاری ناکات، هەربۆیە بەرەچاوکردنی مێژووی هەرێمی کوردستان و واقیعی ئازادییەکان لەناوچەکەدا تارادەیەکی باش هەنگاو بەرەو ئازادییەکان نراوە، هەندێك جار رۆشنبیر دەچێتە بەرەی ئۆپۆزسیۆن و دەڵێت: هەرێمی کوردستان وەکو سوریا وایە، گەر وابێت دەبێت دەسەڵاتیش مامەڵەی هەمان دەسەڵاتی

**هەموو سایتەکانی ئەنتەرنێت بگەڕێین و پەرتووکی کتێبخانەکانی جیهان بخوێنینەوە، کتێبێک یا ماڵپەرێکی ئەلەکترۆنی نادۆزینەوە پێمان بڵێت لەسەر چ شێوازو بەرنامەیەک ئابووری کوردستان و پەرەپێدانی هەرێمەکە بنیات بنێینەوە**

### پرۆفیسۆرو ڕووناکبیری عێراقی دکتۆر کازم حەبیب (بۆ گوڵان):

# ئارامی و سەقامگیری - مافی مرۆڤ و دیموکراتییەت - دادپەروەری کۆمەڵایەتی سێ کۆڵەگەی گرنگە بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی کوردستان



سوریا بەرامبەر ئازادییەکان و ڕەخنەکان بکات، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە پشتگیری میدیای ئازاد بکات، ئێمە ڕەخنە لە ڕۆشنبیرو میدیای ناکامڵ دەگرین و پێمان وایە چۆن پرۆژەو کارەکانی بواری ئاوو کارەبا تەواو نەبووە هەرواش میدیای ئازاد ناکامڵە، بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا ئێمە لەقۆناغی ڕاگوزەردایین، هەروەکو چۆن دکتۆرێك کە یەکەم ساڵ دەردەچێت سەرەتا دەبێتە موقیم و دەکەوێتە قۆناغی پراکتیکی و ئینتقالییەوە، ئەندازیار بۆماوەی ٥ ساڵ یاریدەدەری ئەندازیارە، لە ئابووریشدا پێش ٥ ساڵ ٢ کاتژمێر کارەبامان هەبوو ڕەخنە دەگیراو زۆرجار دەوترا وەزیری کارەبامان بۆچییە لە کاتێکدا کارەبا نییە؟ ئەم ڕەخنەو تەعلیقە مافی سروشتی و ئاسایی هاووڵاتیان بوو ئێستا ڕەخنەکە گۆڕدراوەو داوای زیادکردنی ١٨ کاتژمێر کارەبا بۆ ٢٤ کاتژمێر دەکرێت، یا ڕەخنەو گلەیی لە نرخی کارەباکەو چۆنیەتی دابەشکردنەکەی هەیە، ساڵی ڕابردوو لەسۆران ئاوی خواردنەوە تێکەڵ بەئاوی پیسی ئاوەڕۆ بوو بوو، ئێستا ئاوەکە خاوێن بووەو داوای ڕاکێشانی ئاو بۆ گەڕەکە نوێیەکان دەکرێت، ڕەخنە لەپرۆسەی دیموکراتییەتدا ئاساییە، ڕەخنە دەمێنێتەوە ئەوەی دەگۆڕێت شێوازی ڕەخنەکە یا بابەتی ڕەخنەکەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ڕیفۆرمی ئابووری بوونیان هەیە، گۆڕینی ڕەخنەکان نیشانەی بەرەو پێشچوونی بارودۆخەکەیەو سەرکەوتنی حکومەت نیشان دەدات، لەزەمەنی کۆمارییەکان پشتگیری حکومەت بۆ چاودێری تەندروستی کەم بووەوە هەندێك پێشوازییان لێدەکردوو هەندێکیش ڕووبەڕووی دەبوونەوە، لەدیموکراتییەتدا شتەکان یەك مانای نییە زۆر گرنگە سەرۆك و سەرکردەکان بەرگەی ڕەخنەکان بگرن و گوێبیستی بن، بوونی ڕەخنە نیشانەیەکە بۆ بوونی ئازادییەکان، کۆڵن پاوڵ دەیوت: ئەمەریکا وڵاتێکی ئازادەو ڕۆژنامەکان سەدان کەموکورتی و ڕەخنە بڵاودەکەنەوە ئەمە مانای ئەوەیە « ئازادی هەیە» بەدیموکراتییەت و ئابووری بازاڕ کوردستان دەبێتە پێگەیەکی ئابووری گرنگ لە ناوچەکەدا، متمانە بەهەرێم و ئابوورییەکەیەتی وا لە تورکەکان دەکات بانکی گەورە لەهەرێمی کوردستان بکەنەوە، یا بەدەیان هێڵی فڕۆکەوانی و فڕۆکەی بیانی بەئاسمانی هەرێمەکەدا بفڕن و لەفڕۆکەخانەکانی هەرێم گەشتەکانیان بۆ پێشکەوتووترین پایتەختەکانی جیهان ئەنجام بدەن، سەقامگیری هەرێمی کوردستان هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆیە پاراستنی سەقامگیری و چەسپاندنی بنەماکانی ئابووری بازاڕو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و دیموکراتییەت و دادپەروەری پێویستە لەریزبەندی کارەکانەوە بێت، پرۆفیسۆرو ڕووناکبیری عێراقی دکتۆر کازم حەبیب لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان دا ئاماژەی بەرۆڵی سەرۆك لەپرۆسەی ئابووری و ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ئابووری کردوو پێی وابوو پێویستە پارێزگاری لەسێ کۆڵەگەی گرنگ بکرێت لەپێناو گەیشتن بەئابووری بازاڕو پەرەپێدانی هەرێم لەمبارەیەوە وتی:

سەرۆکی وڵات یا هەرێم بەرپرسە لەدانانی پرۆگرامێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندن و ژینگەیی کە سەرجەم بوارەکانی ژیان لەخۆبگرێت. لەهەرێم و وڵاتدا پرۆگرامەکان ئامادە دەکرێن و ئەم پرۆگرامەش بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بەرزدەکرێتەوە بۆ ڕەزامەندی لەسەردانی و دواتر بۆ سەرۆکی هەرێم بەرزدەکرێتەوە، گەربێتوو لەبواری یاسایی یا کەموکورتی دیکەی تێدا بێت دووبارە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گفتوگۆکردن و ڕێکخستنەوەو دووبارە بەرزکردنەوەیی و دواتر ئاگاداربوون لەجێبەجێکردنی، واتە سەرۆکایەتی هەرێم لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی چاودێریش لەهەرێمدا دەگێڕێت، لەم ڕوانگەیەوە سەرۆکایەتی هەرێم کە بەرزترین دەسەڵاتی تەشریعییە دەبێت تێڕوانینی ڕوون و ڕۆشنبیری بۆ ئابووری هەبێت، تاوەکو پرۆگرامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەباشترین شێوەو ڕێگا ئاراستە و جێبەجێش بکرێت، بەڵام گەربێتوو بەشێوەیەکی زانستی هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکان نەکرێت ئەو بارودۆخەکە تاڕادەیەك ئاڵۆزو خراپ دەبێت.

لێرەدا ڕۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەرکی چاودێریکردنی زۆر گرنگە، چونکە ئەنجومەنی نوێنەران ڕەزامەندی لەسەر بودجەو پرۆگرامەکان دەدات، گەربێتوو پرۆگرامەکە باش و جیددی وشەفاف و زۆر ورد بێت ئەوا هەلی سەرکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆگرامە ئابوورییەکانیش باشتر دەبێت، لە هەرێمی کوردستان لە غیابی (ستراتیژییەتی پلانی ئابووری) پرۆگرامێکی ئابووری وردو بەهێز نییە، پرۆگرامی پێشتر پێوەندی بەژێرخانی ئابوورییەوە هەبوو کەچۆن ئەو ژێرخانە ئابوورییە دووبارە ئاوەدان بکرێتەوەو کەرتە گرنگەکان بنیات بنرێنەوە، بۆیە پێم وایە هەرێمی کوردستان لەسەرەتای قۆناغی بەرەو پێشکەوتندایە دوای ئەوەی حکومەتەکانی بەغدا نەك تەنیا فەرامۆشیان کردبوو بەڵکو سیاسەتی جینۆساید و وێرانکردنی ژێرخانەکەشیان



کامەران ئەحمەد شارەزا لەبوار ئابووری و مامۆستای زانکۆی سلێمانی:

# لەدنیادا مۆدێلێکی ئابووری سەربەخۆ بوونی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا بەرنامەو ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوە ئابووری و بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانە

جێبەجێ کردبوو.

سەبارەت بەهەنگاوە ئابوورییەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردووی هەرێمی کوردستان، کە زۆر لەگرفت و کێشەکانی پەیوەندار بەژێرخانی ئابووری و بوارە خزمەتگوزارییەکانەوە هەبوو تارادەیەکی باش رووی لەچارەسەرکردن کردووە، بەتایبەتی گەربێت و بەراورد بکرێت بەناوچەکانی تری عێراق کە پێشتر لە رووی ئاوەدانکردنەوەو ژێرخانەوە لە بارودۆخێکی باشتردا بوون دکتۆر کازم حەبیب دەڵێت: هەرێمی کوردستان لەکابینەی پێنج و بەماوەیەکی پێشتریش دەستی بەکاری جیددی کرد لەبواری ئابووری، کابینەی پێنجەم هەردوو ئیدارەی کوردستانی لەرووی سیاسی و ئیدارییەوە یەکخستەوەو بووە کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش رێی خۆشکرد بۆ هەنگاونان بەرەو پرۆگرامێکی نوێی فراوانتر، بەمەش هەرێمی کوردستان چووە سەرەتای قۆناغی بەرەو پێشکەوتن، واتە ئەم پرۆگرامە نوێیەی ئابووری بواری بەرهەمهێنان و پیشەسازی تێدا نییە و پێویستی بەهەنگاوی تر هەبوو، بەتایبەتی لەبواری گەڕان و پشکنین بەدوای سامانە سروشتییەکان و پێترۆل ئەمە گرنگ بوو، دواتر هەوڵی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری نرا لەبوارەکانی دابینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاوو ئاوەڕۆ، بۆیە هەنگاونان بەرەو دەرهێنانی پێترۆل و دابینکردنی حزمەتگوزارییەکان و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی گرنگ بوو، گەرچی هێشتا تەواو نەبووە، پێویستە لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری لەهەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو بەپیشەسازیبوونیش بنرێت، لە هەرێمی کوردستان پێترۆل و غازی سروشتی و کبریت و دەیان کانزای تر هەیە کە دەکرێت سوودی لێوەربگرن بۆ پیشەسازی پێترۆکیمیاوی کە زنجیرەیەك لەپیشەسازی و کارگەو بەرهەم لەخۆدەگرێت، هەر کارگەو پرۆژەیەك لەتەنیشتییەوە پێویستیمان بەچەندین کارخانەو پرۆژەی تر دەبێت، لەلایەکی ترەوە کاتی ئەوە هاتووە هەرێمی کوردستان روو لەپیشەسازی خۆراکی و کشتوکاڵی بکات، هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرمایەو ژینگەیەکی لەبارە بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵ.

سەبارەت بەپرۆسەی سیاسی و پاراستنی مافی نەتەوەی کورد و رۆڵی فیدرالییەت لە پێشخستنی ئابووری دا بەرێزیان پێیان وابوو:( من پشتگیری دوو فیدرالییەت دەکەم فیدرالییەتی کوردستانی و عەرەبی، ئەم دوو فیدرالییەتە دەوڵەتی عێراق پێك دەهێنێت، دوو باڵ بۆ یەك دەوڵەت. ئێستاکە فیدرالییەتی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق بوونی هەیە، بەڵام ئێستاکە بۆ ڕێکخستن و دابەشکردنی ئەرك و پاراستنی مافەکان پێویستە یاسا دەربچێت پێوەندی نێوان ناوەندو هەرێم لەچوارچێوەی دەستووردا دیاری بکات، بۆنموونە لەبواری دارایی و ئابووری دەسەڵاتەکانی هەرێم و ناوەند جیابکرێنەوەو دیاری بکرێن، لەسەرجەم بوارەکانی سەربازی و بەرگری و پێوەندییەکانی دەرەوەو نەوت و غاز و کارەبا و پیشەسازی و بازرگانی و دەیان مەسەلەی تر هەر هەمووی پێویستی بەیاساو کاری هاوبەش هەیە، تەنانەت پێویستە بەرنامەو پلانی ئابووری هاوبەش هەبێت لەزۆر بواردا بۆ نموونە ئەو پیشەسازییانەی حکومەتی هەرێم دەتوانێت هەنگاوی بۆ بنێت و کارگەیان بۆ دامەزرێنێت لەبەرامبەردا حکومەتی ناوەندی چی پرۆژەو کارگەیەك دادەمەزرێنێت، لەکشتوکاڵیشدا چەندین تەوەرەی هاوبەش هەیە چی بروێنین و لەکوێ و بۆچی؟

بەمشێوەیە پلانی ئابووری و جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە ئابوورییانە پێویستی بەرێکخستن و دارشتنەوەی پێوەندییەکان هەیەو دەسەڵاتەکان لەچوارچێوەی ئەرك و ماف دا دیاری دەکرێت و روو لەپیشەسازی دەنرێت، بارودۆخی دیموکراتییەت و ئارامی و سەقامگیری یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت و دەبێت بەیاسا رێکبخرێت و وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە :چۆن حکومەت مامەڵە لەگەڵ مافی مرۆڤ و دیموکراتی دەکات؟ ئەمانە هەمووی پێویستە بەیاسا رێکخرێت.

من پێم وایە پێوەندییە دەرەکییەکان پێوەندی حکومەتی فیدرالی بەغدایە، واتە دەوڵەتی فیدرال بەرپرسیارە لەسەر سیاسەتی دەرەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەرێمی کوردستان چ سەرۆکی هەرێم بێت یا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان مافیان لەپێوەندییە دەرەکییەکان نییە، مافی هەرێمی کوردستانە بایەخ و گرنگیدان بەپێوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە دەرەکییەکانیان بدەن، بەڵام هەمووی لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی عێراق، لەیەك دەوڵەتدا ناکرێت دوو سیاسەت هەبێت.

پێویستە پەیکەری ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراقیش بگۆڕین، واتە پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرجەم کەرتە ئابوورییەکانی تر بگۆڕین بۆئەوەی ببینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی

> بوونی ١١١٨ کۆمپانیای بیانی و بەرزبوونەوەی ژمارەی کۆمپانیاکان بۆ زیاتر لە ١٠ هەزار کۆمپانیا هەمووی بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ کە وەبەرهێنی بیانی متمانەی بەهەرێمی کوردستان هەیە

> رەخنە لەپرۆسەی دیموکراتییەتدا ئاساییە، رەخنە بەردەوامە ئەوەی دەگۆڕدرێت شێوازی رەخنەکە یا بابەتی رەخنەکەیە

### مامۆستا عومەر نوورەدین پسپۆری زانستە سیاسییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان

# لەناو پرۆسەی سیاسی و ئابووری هەمیشە بوونی کەسایەتی و سەرکردەی گەورەو لێهاتوو پێویستە

**کاتێک سەرۆک دەجوولێت متمانە بۆ هەرێمەکەو ئابوورییەکەی دەگەڕێتەوە**

نوێی مەدەنی پێشکەوتوو لێهاتوو، بەگۆڕینی کۆمەڵگاش ئاستی هۆشیاری مرۆڤەکان دەگۆڕێت و پێش دەکەوێت، تاکەکان هۆشیار دەبن لەماف و دیموکراتییەت و ئەرکەکانی تاك و حکومەت. ئارامی و سەقامگیری و مافی مرۆڤ و هاوولاتیبوون و دیموکراتییەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەدابەشبوونی سامان و داهات و بەشداریکردن لە پرۆسەی ئابووری کە بەشێوەیەکی گشتی لە عێراق و هەرێم دا لاوازن و پێویستە کاری جیددی بۆ بکرێت.

مامۆستا کامەران ئەحمەد شارەزا لەبوار ئابووری و مامۆستای زانکۆی سلێمانی سەبارەت بەپەرەپێدانی کۆمەڵگاو ئابوورییەکەی پێی وابوو:( گەر بمانەوێت بگەینە قۆناغێکی پێشکەوتوو بەرەهەندە زانستی و سروشتی و تەندروستییەکەی، ئەمەش بەبڕیاری خێراو سەر پێی روو نادات، راستە بەرەو ئابووری بازاڕ هەنگاو دەنێین بەڵام جۆرە تێکەڵاوییەك لەنێوان ئابووری مەرکەزی و ئابووری بازاڕ هەیە کە پێویست بەوە دەکات چارەسەر بکرێت، تێڕوانینمان بۆ ئابووری هەڵەی زۆری تێدایە، ئێمە نەکەرتی گشتی ئابوورین و نە ئابووری بازاڕین پێویستمان بەوە هەیە ببینە خاوەنی ئابوورییەکی شەفاف واتە داتاو زانیاری و ئامارەکان لەبەردەستدا بێت، ئەمەش لەپێناو کەمکردنەوەی گەندەڵی کە پێم وایە گەندەڵی کێشەی سەرەکی بەردەم پێشکەوتنی ئابوورییەو پێویستی بەچارەسەرکردنی خێراو بەپەلە هەیە.

**سەرۆکی هەرێم بەرپرسە لەدانانی پرۆگرامێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندن و ژینگەیی کەسەرجەم بوارەکانی ژیان لەخۆبگرێت**

کاتی ئەوەهاتووە تێڕوانینمان بۆ داهاتووی ئابووری بەپلان و سیستەمی رێکوپێك و تۆکمەی ئابووری بێت تاوەکو هەر دەستکەوتێکی ئابووریش گەر بەدەست هاتبێت بپارێزرێت.

پێم وانییە لەدنیادا مۆدێلێکی سەربەخۆی ئابووری بوونی هەبێت، تەنانەت پڵنگەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیاو وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیش خاوەنی ئەو مۆدێلە سەربەخۆیە ئابوورییە نین، ئەوانە تەنیا بەبەرنامە بڕیارو راسپاردەکانی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکەن، بۆ جێبەجێکردنی ریفۆرمی ئابووریش لەعێراق ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقە مەرجەکانی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکەن، بۆنموونە بانکی ناوەندی عێراقی کە تەبەننای سیاسەتەکانی دارایی دەکات، پێویستە مەرجی زۆر قوورس جێبەجێ بکەن لەوانە کەمبوونەوەی بڕی پارە لەبازاڕو هەڵگرتنی پاڵپشتی نرخ لەسەر سوتەمەنی و پێداویستییەکانی تر .

ئەمڕۆ لەجیهانی عەولەمەدا مودێلێکی ئابووری سەربەخۆ نییە بەڵکو بەرنامەو راسپاردەو بڕیارو مەرجە دارایی و ئابوورییەکانی گەورە رێکخراوە ئابوورییەکانی جیهانە



لەلایـــەن حكومەتەكانـــەوە پەیـــڕەو دەكرێت بۆ چارەســـەركردنی كەموكورتییەكانی پەیكەری ئابـــووری و ڕەها كردنـــی ئاڵوویری بازرگانی نێودەوڵەتی، ئێستا لەگەڵ تارادەیەك باشبوونی باری بژێـــوی هاووڵاتیان كاتی ئـــەوە هاتووە رووبكەینە ریفۆرمـــی ئابووری، ئەوەی ئەمڕۆ زیانی گەورەی بەئابووری عێراق و كوردستانیش گەیانـــدووە گەندەڵـــی ئابوورییـــە، ریفۆرمی ئابووریش پەیڕەوكردنی نموونەی بانكی دەولی و ســـندووقی نەختی نێودەوڵەتییە، **مامۆســـتا عومەر نوورەدین پســـپۆڕی زانستە سیاسییەكان و پێوەندییە نێو دەوڵەتییەكان:**

یەكێك لـــەو دیـــاردە نوێیانەی لەســـەردەمی بەجیهانیبووندا باشـــتر خۆی دەنوێنێ؛ پێوەندی نێـــوان ســـەقامگیری سیاســـی و پەرەپێدانی ئابوورییە، لە هەرشـــوێنێك ئاشـــتی و ئاسایش بوونـــی هەبێـــت، وەبەرهێنانـــی ئابـــووری و كاروچالاكی جۆراوجۆری ئیكۆنۆمی فراوانترو زیاتر دەبێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە هاتووە كە دەوترێت سەرمایە ترسنۆكەو لەشوێنێك ئاسایشی لـــێ نەبێت و ســـەقامگیری سیاســـی نەبێت بیزنسكارو وەبەرهێنان سەرمایەی خۆیان ناخەنە مەترســـییەوە، لەم ڕوانگەیـــەوە بوونی ئارامی سیاســـی و ســـەقامگیری بارودۆخی هەرێمی كوردستان هۆكاری یەكەم بوو بۆهاتنی كۆمپانیا بیانییـــەكان و زیادبوونـــی وەبەرهێنانی بیانی لەهەرێمی كوردســـتان. دیوێكی تریش پێوەندی بەچالاكی ئابوورییەوە هەیە هەرشوێنێك چالاكی و پرۆژەی ئابووری هەبـــوو كۆمپانیاكان زیاتر ڕووی تێدەكەن، ئەمەش لەڕووی پێوەندی سیاسی و دیبلۆماتی پێویســـت بـــەوە دەكات پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەكانی نێوان ئەو وڵاتانە بەهێز بێت و نووسینگەو كونسوڵخانەكانیان لەو هەرێم و دەوڵەتانە دەكرێتـــەوە كە بەرژەوەندی هاوبەش بوونی هەبێت . یەكێك لەو نیشانە باشانەی كە لە هەرێمی كوردستان هەیە هەنگاوەكانێتی بەرەو دیموكراتییەت كە بۆ لیبرالییەتی ئابووری زۆر گرنگە، ئەوەتا دەســـەڵاتی سیاسی كوردستان دەگەڕێتـــەوە بۆئیرادەی خەڵك و لەپرۆســـەی هەڵبژاردندا مافی بەڕێوەچوونی حوكم دەداتەوە هاووڵاتیان، ئالێرەدا بەردی بناخەی سیستەمێكی دیموكراتی داڕێژرا .

لەناو پرۆســـەی سیاســـی و ئابووری هەمیشە كەســـەكان بەتایبەتی ڕۆڵی ســـەركردە، لەزۆر وڵاتانی پێشـــكەوتووی دنیا لەپشت پرۆسەی دیموكراتـــی و پەرەپێدانـــی ئابـــووری بوونی كەسایەتی و سەركردەی گەورەو لێهاتوو هەبووە، ڕێبەری ئەوتۆ هەبووە لەپرۆســـەی سیاسی و ئابووری بەمانا فراوانەكەی ڕۆڵی كاریگەریان گێڕاوە، واقیعی مێژوویی و سیاســـی هەرێمی كوردســـتان و پرۆســـەی بەدیموكراســـیبوون بەراورد بە زۆر وڵاتی تـــری جیهان جیاوازە و تایبەتمەندێتـــی خۆی هەیە، لەم واقیعەدا ئێمە خاوەنی كەســـایەتی و سەركردەی گەورەی وەك ســـەرۆك بارزانین، كە لە داڕشتنی سیستەمی سیاسی و گەشەپێدانی هەرێمەكە ڕۆڵی بەرچاوو یەكلاكەرەوەی هەبووە، لەگەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵك و بەیاساكردن و بەسیستەمكردنی ماف و ئەركەكان و ئازادییەكان ڕۆڵی بەرچاوو پێشەنگی بینیوە، بوونی ســـەركردە بۆ بەسیستەمكردنی وڵات و برەودان بەپێشكەوتنەكان و چەسپاندنی دەســـتكەوتەكان زۆر گرنگە، پرۆسەی سیاسی لەهەموو دنیادا لەپێناو دوو ئاراستەیە لەلایەك بـــۆ دابینكردنی ئـــازادی و ســـەربەخۆییە و ماف و ئازادییەكان بچەســـپێت لەلایەكی ترەوە ڕەهەنـــدە ئابوورییەكەیەتی كەبـــۆ دابینكردنی پێداویســـتییە مادییەكان و خزمەتگوزارییەكان پێویستە، بۆیە ئەم تەركیزە زۆرە لەناو میدیای كوردی و ئۆپۆزسیۆن لەسەر خزمەتگوزارییەكان نیشـــانەی ئەوەیە سەربەخۆیی و ئازادی بەمانا راســـتەقینەكەی لەكوردســـتاندا بوونی هەیە، ئەگـــەر ئەو ئـــازادی و ســـەربەخۆییە بەمانا راســـتەقینەكەی نەبووایـــە وتـــاری لایەنـــی ئۆپۆزســـیۆن ئەوەندە جەختی لەســـەر لایەنی خزمەتگـــوزاری نەدەكـــردەوە، ئەمە لە هەموو دەوڵەتانـــی دنیا یەكێكە لە هـــەرە بنەماكانی دەوڵـــەت كـــە دوای ئـــازادی و دابینكردنی بنەماكانی دیموكراتی پێداویستییە माددیەكان وخزمەتگـــوزاری بەمانا فراوانەكـــەی دابین دەكرێت، بەڵام ئەمە پێویستی بەسیستەم هەیە، چونكـــە نابێت ئازادی بەبێ سیســـتەم بێت و، تەجـــاوزی سیســـتەم بكەین لەهیـــچ وڵاتی دنیـــا نییە بڵێـــی ئازادی و دیموكراســـی بێ سیستەمە.

**گەربێتوو پرۆگرامەكان باش و جیدی و شەفاف و زۆر ورد بن، ئەوا هەلی سەركەوتنی جێبەجێكردنی پرۆگرامە ئابوورییەكانیش باشتر دەبێت**

**كابینەی پێنجەم هەردوو ئیدارەی كوردستانی لەڕووی سیاسی و ئیدارییەوە یەكخستەوە، ئەمەش ڕێی خۆشكرد بۆ هەنگاونان بەرەو پرۆگرامێكی نوێی فراوانتر**




لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری

Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com

Mobile: 07504512761